# پەپولەی ڕۆح

عەباس سالّح عەبدوللا

ئەشێ ئەمشەو خامەی شیعرم
ئاوازێکی دیت بۆ بچرێ
ئەشێ ئەم شەو
چاوانی من نابینابن
ئەشێ ئەم شەو
ئەزیزێکی دیم لێ بمرێ
ئەشێ ئەم شەو
دلّی پڕ حەسرەت و ، ویّلّم
کۆتایی بێت

بەلاّم ئەوەی ناشێ و نابێ
لەم شەوەدا بەدیدارت گەیشتنە
بەلاّم چی بکەم گەر دەموێرا
تەنها چارم خۆکوشتنە

من دەزانم
پەپولەی دلّە مەنگەکەت
هەر لای منە
من دەزانم
چۆلەکەی ڕۆحی شیرینت
بۆکوێ دەفرێ
بەهێمنی خۆی دەهاوێتە ژوورەکەم
من دەزانم کەتۆش منت
چەند خۆش ئەوێ
بەلاّم چبکەم هێندە دەلّێم
سەبەب کارمان
چاویان کوێربێ کۆستیان کەوێ
***